# ڕێنمایی و زانیاری کۆڤید- 19 بۆ پایز و زستانی 21/2020 لە دەستەی تەندروستی زانکۆی سوانسی بەی، ئەنجومەنی شارەوانی سوانسی و ئەنجومەنی شارەوانی نیث پۆرت تالبۆتەوە

ڤایرۆسی کۆرۆنا هێشتا هەر ماوە. سوپاس بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی کە بەلای تۆوە گرنگن و هاتنە ڕیزی هەوڵی نیشتمانییەوە بۆ پاراستنی وەیڵز بە سەلامەتی.

تکایە ئەم بڵاڤۆکە لەشوێنێکی وەها دابنێ کە دەستت پێی ڕابگات - ئەمە زانیاری گرنگی لەخۆ گرتووە بۆ یارمەتیدانی تۆ بۆ مانەوە بە سەلامەتی.

**سەلامەتی وەیڵز بپارێزە - خۆت، کەسانی دیکە و ئێن ئێچ ئێس NHS لە شەپۆلی دووەمی ئەم ڤایرۆسە بپارێزە.**

دەستەکانت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام بشۆ، ئەگەر تۆ ڕۆیشتوویت بۆ بازاڕکردن، بەستە (پاکێج) ێکت وەرگرتووە یان خەریکە دەست دەکەیت بە تاووتوێکردنی خۆراک.

لەسەر کەنارگیری کۆمەڵایەتی بەردەوام بە. مەسافەیەکی سەلامەت دوور لەو کەسانە بمێنەرەوە کە بەشێک نین لە خەڵکی ناو ماڵەکەت و کەسانی نزیکت.

هەر کات داوات لێ بکرێت یان لە شوێنی داخراودا کە کەنارگیری کۆمەڵایەتی کارێکی سەختە داپۆشەری دەموچاو بەکار بهێنە.

**پەیڕەوی پشکنین، سۆراخکردن و پاراستن بکە بۆ خۆ دوورەپەرێزگرتن لە شەپۆلی دووەمی ئەم ڤایرۆسە**

دەستەی تەندروستی و ئەنجومەنی شارەوانییەکان خزمەتگوزاری پشکنین و سۆراخکردنی بەرکەوتە بۆ کۆڤید- 19 ئەنجام دەدەن

**1. پشکنین**

ئەگەر نیشانەکانی نەخۆشی کۆڤید- 19 ـت تێدایە (کۆکەیەکی نوێ و بەردەوام، لەدەستدانی تام یان بۆن، پلەی گەرمی بەرزی لەش (تای بەرز)، سەردانی www.sbuhb.nhs.wales بکە و بچۆرە سەر بەستەری کۆڤید- 19 بۆ ئەنجامدانی پشکنینێک. یان تەلەفون بکە بۆ 01639 862757 (کاتژمێر 9 بەیانی - 8 ئێوارە) بۆ تۆمارکردنی پشکنینێک، یان تەلەفون بکە بۆ تەلەفونی بێ بەرامبەری 119 بۆ کەرەسەی پشکنین لە ماڵەوە. ئەو کەسانەی کە کێشەی بیستن یان قسەکردنیان هەیە دەتوانن تەلەفون بکەن بۆ 119 18001.

**2. سۆراخکردن**

ئەگەر ئەنجامی پشکنینەکەت پۆزەتیف بوو ئەوا لە تیمی سۆراخکردنی بەرکەوتەوە تەلەفونێکت بۆ دەکرێت.

**3. پاراستن**

ئەگەر سۆراخکارانی بەرکەوتەی ئێمە پەیوەندییان پێوە کردیت پەیڕەوی ڕێنماییەکانیان بکە بۆ پاراستنی وەیڵز بە سەلامەتی.

ئاگاداری فیرودان بە. سۆراخکاری بەرکەوتە هەرگیز داوای ئەوەت لێ ناکات کە:

- تەلەفون بۆ ژمارەیەک بکەیت کە پارەت بێتە سەر
- هیچ جۆرە بڕە پارەیەک بدەیت
- وردەکارییەکانی ژمێرەی بانکی بدەیت بەوان
- وشەی تێپەڕ (پاسۆرد) یان ژمارەی نهێنی PIN بدەیت بەوان
- زانیاری کەسی/ پزیشکی بۆ ئەوان ئاشکرا بکەیت
- هیچ جۆرە نەرمەواڵا (سۆفتوێر) ێک دابگریت

**لەکوێ زانیاری و یارمەتی بەدەست دەهێنیت**

تەلەفون: ئەنجومەنی شارەوانی سوانسی 01792 636000 یان ئەنجومەنی شارەوانی نیث پۆرت تاڵبۆت بە ژمارە 01639 686868

ماڵپەڕەکان:
بۆ دەستەی تەندروستی زانکۆی سوانسی بەی بچۆرە سەر
www.sbuhb.nhs.wales

بۆ ئەنجومەنی شارەوانی سوانسی بچۆرە سەر www.swansea.gov.uk
ئەنجومەنی شارەوانی نیث پۆرت تالْبۆت بچۆرە سەر www.npt.gov.uk
فەیسبووک:
بۆ دەستەی تەندروستی زانکۆی سوانسی بەی بچۆرە سەر
@ SwanseaBay.NHS
بۆ ئەنجومەنی شارەوانی سوانسی بچۆرە سەر swanseacitycouncil @
ئەنجومەنی شارەوانی نیث پۆرت تالْبۆت بچۆرە سەر
@NeathPortTalbotCBC

تویتەر:
بۆ دەستەی تەندروستی زانکۆی سوانسی بەی بچۆرە سەر
@ SwanseaBayNHS
بۆ ئەنجومەنی شارەوانی سوانسی بچۆرە سەر SwanseaCouncil @
ئەنجومەنی شارەوانی نیث پۆرت تالْبۆت بچۆرە سەر NPTCouncil @

تکایە وریا و چاوکراوە بەو گوێ بۆ پەیامەکانمان ڕابگرە. کاتێک کە پێویستمان بە ڕاگەیاندنی زانیاری گرنگ دەبێت ئێمە ئەم هۆکارانە بەکار دەهێنین:

- ڕدایۆی The Wave (96.4FM & DAB)
- ڕادیۆی Greatest Hits - باشووری وەیڵز (1170MW & DAB)
- ڕادیۆی سوانسی بەی (FM & DAB102.1)
- ڕادیۆی نیشتمانی (FM & DAB107.3)
- ڕۆژنامەی South Wales Evening Post
- ڕۆژنامەی Western Mail

بۆ ئەم بڵاوکراوەیە بە شێوازێکی جیاواز تەلەفون بکە بۆ ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکەی خۆت (لە سەرەوە هاتوون)
یان ئیمەیڵ بنێرە بۆ marketing@npt.gov.uk بۆ نیث پۆرت تالْبۆت
یاخود ئیمەیڵ بنێرە بۆ accesstoservices@swansea.gov.uk بۆ ئەنجومەنی شارەوانی سوانسی

زانیاری لەسەر کۆڤید- 19 بە زیاتر لە 30 زمان لەسەر ماڵپەڕەکەمان بەردەستە (لە سەرەوە هاتووە)